



### کچە یاریزانی شەترەنجی ئۆکرانی کالینینا ئۆلگا:

# حەز دەکەم جارێکی تر بگەڕێمەوە کوردستان

هەموو ساڵێك لەگەڵ هاتنی جەژنەکانی ئادار و نەورۆز یانەی وەرزشیی شەترەنجی خانزاد بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی شەترەنج چەندین پاڵەوانێتیی جۆراوجۆر دەکاتەوە، ئەمساڵیش جیا لە ساڵان هەستا بە ئەنجامدانی پاڵەوانێتی نەورۆزی نێودەوڵەتی کە چەندین یاریزانی بەتوانای نێودەوڵەتی بەشداری ئەم پاڵەوانێتیەیان کرد، یەکێك لەم یاریزانانەش کە بۆ یەکەم جار بوو بەشداری بکات لە ژێر ناوی نەورۆزی کوردان یاریزان(کالینینا ئۆلگا)ی کچە شەترەنجزانی پیشەگەری هەڵبژاردەی وڵاتی ئۆکرانیا بوو کە توانی لە پاڵ چەندین یاریزانی ئاست بەرز پلەی دووەمی پاڵەوانێتییەکە بەدەستبهێنێت، بۆ لەنزیکەوە ئاشنا بوون بەم یاریزانە گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستە کردو بەمجۆرە وەڵامی دایەوە.

***چۆن بوو بەشــداریی ئەم پاڵەوانێتییەی شەترەنجی نێودەوڵەتی نەورۆزت کرد؟**

- ئەوەی راستی بێت من ماوەیەکە هاتوومەتە عێراق و لەگەڵ یانەی شــەترەنجی کارەبا لە شاری بەغداد گرێبەســتم هەیە بۆ ئەوەی لە خولــەکان یارییان بۆ بکەم، بۆیە دواتریش زانیم کــە پاڵەوانێتیی نەورۆزی نێودەوڵەتی هەیە لە شــاری هەولێر هاتم بەشداریی ئەم پاڵەوانێتییەشم کرد.

*** بە گشتی ئاستی پاڵەوانێتییەکە چۆن بوو؟**

- ئاستێکی زۆر باشی هەبوو، لە گشت روویەکیشەوە گرنگی پێ درابوو، بەهیوای ئەوەم بۆ جارێکی دیکەش بێمەوە ئەم شارە بۆ ئەوەی بەشداری لە پاڵەوانێتییەکانی تریش بکەم.

*** خاوەنی چ بڕوانامەیەکی لە یاریی شەترەنج؟**

- بڕوانامەی دکتۆرام هەیە لە شــەترەنج و رتینگی (٢٣٢٣)، جگــە لەوەش هەڵگــری بڕوانامەی گراند ماستەری ئافرەتانم.

*** لە شاری بەغداوە هاتوویت بۆ پایتەختی کوردستان بە گشتی جیاوازیی هەردوو لات چۆن بینی؟**

- ئــەوەی راســتی بێت لە کوردســتان هەســت بە ئارامییەکــی زۆر دەکەم لە گشــت روویەکەوە، جگە لەوەش کوردی ئێرە پێشوازی باشیان لێکردم .

*** زانیاریت هەبوو لەسەر کوردستان بەر لەوەی بێیتە ئەم شارە؟**

-نەخێــر من لە رێگــەی هاوڕێیەکانــم هاتوومەتە کوردســتان بەهیوای ئەوەم جارێکی تریش بگەڕێمەوە شــارە خۆشەویستەکە، خەڵکی ئێرە زۆر بەڕێزن لەگەڵ میوانان.

*** ئەگەر گەڕایەوە وڵاتی ئۆکرانیا باســی هەرێمی کوردستانیان بۆ دەکەی؟**

-بەدڵنیاییەوە، ئەوەی خۆم بینیومە لەســەر هەرێمی کوردستان بۆیان باس دەکەم.

*** ئەنجامەکــەت وەکــو پێویســت بــوو لــە پاڵەوانێتییەکە؟**

- ئەوەی راستی بێت پلەی دووەمم بەدەستهێنا هەر چەندە ئەنجامەکــە باش بوو، بەڵام من هەوڵم دەدا پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، بۆیە لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو هەوڵ دەدەم ئەنجامی شایستەتر بەدەست بهێنم.

*** ئەگەر یانەکانی کوردســتان داوات لێبکــەن یارییــان بــۆ دەکەی؟**

- مــن بە خۆشــحاڵییەوە هاتوومەتــە عێراق بــۆ هەر یانەیەکیــش یاری بکەم بە شــانازییەکی گەورەی دەزانــم، گرنگ ئەوەیە بە هەمووڵایەك خزمەتی یاریی شەترەنج بکەین.

***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت ؟**

- تەنیا سوپاسی گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست دەکەم بۆ بەسەرکردنەوەی ئێمە وەکو یاریزانانی پیشەگەر لەم پاڵەوانێتییەدا، سوپاس بۆ یانەی وەرزشیی خانزادیش.





# خەڵاتی سامبای زێڕین بۆ نەیمار بوو

بەپێی هەواڵێکی پێگەی فەرمی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی یاریزانی لاوی هەڵبژاردەی بەڕازیل و یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی نەیمار داسیلڤا خەڵاتی سامبای زێرینی پێشکەش کرا کە دەدرێتە باشترین یاریزانی بەڕازیلی لە کیشوەری ئەوروپا. ئەمەو نەیمار ئەو خەڵاتەی لەشاری وەرزشی کەتەلۆنی پێ بەخشرا دوای ئەوەی ٢٩ دەنگی بەدەست هێناوە لەبەرامبەر ١٦ دەنگ بۆ هەریەك لە رکابەرەکانی جواو میراندا یاریزانی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید و فیلیپی میلۆی یاریزانی یانەی گەلەتەسەرای تورکی. بەخشینی ئەم خەڵاتە بە نەیمار بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەم وەرزەدا ناوبراو ئاستێکی بەرزی پێشکەشکرد لەگەڵ یانە کەتەلۆنییەکەی بە بەراورد بەوەرزی یەکەمی کە تیایدا رووبەڕووی گوشارێکی دەروونی و ئاستەنگێکی زۆر ببۆوە بەهۆی تازە یاریکردنی لە ئەوروپا. شایەنی باسە وەرزی ٢٠١٣ نەیمار لەیانەی سانتۆسەوە رووی کردە یانەی بەرشلۆنە دوای ئەوەی چەندین یانە هەوڵیاندا تواناکانی ئەو یاریزانە بەدەست بهێنن لە سەرووی هەمووشیانەوە ریال مەدرید.




# ئەركی ریال مەدرید ئەستەم دەبێت بۆ هێشتنەوەی ڤاران

لەگەڵ نزیكبوونەوەی وادەی گواستنەوەی هاوینەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەركی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی خاوەن ریزبەندی دووەم و پاڵەوانی خولی یانە پاڵەوانەكانی ئەوروپای ساڵی رابردوو ئەستەمتر دەبێت لە بەرامبەر پارێزگاریكردن لە تواناكانی بەرگریكاری فەرەنسی راڤاییل ڤارانی لە ریزی یانەكە. ئەمەو لەكاتێك ئەو یاریزانە هەلی تەواوی پێ نادرێت بۆ بەشداریكردن لەپێكهاتەی سەرەكیی یانەی شاهانە بەهۆی بوونی هەریەك لەپیپی و رامۆس لە ریزی هێڵی بەرگری یانەكە ئەوا یانە ئەوروپییە گەورەكان بە شێوەیەكی بەردەوام گرنگی بە بەدەستهێنانی تواناكانی ئەو یاریزانە دەدەن.

دوای ئەوەی یانەی چێڵسی ئینگلیزی گرنگی دا بە بەدەستهێنانی تواناكانی ئەو یاریزانە بەهۆی ئارەزووی راهێنەری پورتوگالی جۆزی مۆرینهۆ لەئێستاشدا یانەی بایرەن میونشن یەكێكی ترە لەو یانانەی چۆتە بازنەی ململانێی بەدەستهێنانی ئەو یاریزانە. لای خۆیەوە ڕۆژنامەی بیڵدی ئەڵمانی ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە لە دوای رۆیشتنی دانتی لەیانەی باڤاری لەكۆتایی وەرزی ئەمساڵ ناوی بەرگریكاری ریال مەدرید بژاردەیە بۆ شوێن گرتنەوەی ئەو یاریزانە. لەلایەكی دیكەوە قسەی زۆر دەكرێ لەبارەی یانەی بایرەن میونشن كە بڕی ٦٠ ملیۆن یۆرۆی ئامادەكردووە بۆ بەدەستهێنانی ڤاران، بەڵام ئەو بڕە پارە زۆرە نابێتە بەربەست لەبەردەم یانەیەك كە توانای دارایی یەكجار بەرز و بەهێزی هەیە .

# بایرەن میونشن ئامادەیە ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ بە یاریزانێک بدات

یانەی بایرەن میونشنی خاوەن پلەی یەكەمی ریزبەندی بۆندس لیگا توانای ئەوەی هەیە هەر یاریزانێك بباتە ریزەكەی بە بڕی ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ ئەگەر پێویست بكات. لەمبارەیەوە ئەمینداری دارایی یانەی بایرەن میونشن، یان كریستیان دریسین لە لێدوانێكیدا بۆ گۆڤاری كیكەری ئەڵمانی لە وەڵامی ئەو پرسیارەی كە ئایا بایرەن میونشن توانای هەیە ئەو بڕە پارەیە بدات؟ دریسین گوتی: «بە بێگۆمان دەتوانین بڕی ١٠٠ میلۆن یۆرۆ بۆ كڕینی یاریزان پێشكەش بكەین»، بەڵام تا ئێستا گرانترین بۆند لە مێژووی یانەی بایرەن كڕینی یاریزانی ئیسپانی خافی مارتینیز بوو كە یانەی باڤاری بە بڕی ٤٠ ملیۆن یۆرۆ تواناكانی ئەو یاریزانەی بەدەست هێنا كە لە ئەتلەتیك بلباوەوە رووی لەو یانە ئەڵمانیە كرد. سەبارەت بە سەرچاوەی سەرەكی دارایی یانەی بایرەن ئەمینداری دارایی یانەكە دریسین گوتی: «ئابووریی یانەی بایرەن پشت بە چوار كۆڵەكەوە دەبەستێت، لەوانە مافی گواستنەوەی تەلەڤزیۆن و فرۆشتنی پلیت و ئەو پارەیەی لەلایەن سپۆنسەرانەوە پێشكەش دەكرێت». هەروەها دریسین ئاشكرایكرد كە چەند سەرچاوەیەك هەیە داهاتی یانەكە زیاد دەكات، لەوانە فرۆشتنی جل و بەرگ و كەل و پەلی جوانكاری تایبەت بە یانەكە لە دەرەوەی ئەڵمانیا.



## پێشمەرگەی سلێمانی و ئاشتی پاڵەوانی نیشانەشکێن بوون



لە شاری سلێمانی لە هۆڵی نیشانەشکێنی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بەسەرپەرشتی یەکێتیی ناوەندیی نیشانەشکێنی کوردستان و بە هاوکاریی لقی سلێمانی یەکێتییەکە بە بەشداری ژمارەیەك لە یاریزانانی کوڕو کچی شارەکانی کوردستان پاڵەوانێتیی کراوەی نیشانە شکێنی یانە و یاریزانانی کوردستان بەڕێوەچوو، مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییەش زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی نیشانەشکێنی لە سەر ئاستی پارێزگاکانی کوردستان و خزمەتکردنی زیاتری ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان و هاندانی یاریزانان بۆ رووکردنە ئەم یارییە بوو. لەم پاڵەوانییەشدا کچ و کوڕە یاریزانانی بەشداربوو لە هەردوو جۆری چەکی دەمانچە و تفەنگ کێبڕکێی یەکتریان

## عەبدوڵڵا مەحمود دەیەوێت ببێتە فریادڕەسی یانەی کەرکووک



هەر چەندە ئەم وەرزە یانەی کەرکووك بە بارودۆخێکی خراپی داراییدا تێپەڕیوە و چەند جارێکیش هەوڵی ئەوەی دا لە خولەکە بکشێتەوە، بەڵام هەر بەردەوامبوون لە خولی یانە پلە نایابەکان و لەگەڵ ئەوەشدا رۆژ لە دوای رۆژ ئاستی یانەکە دادەبەزێت و ئەنجامەکانی بە دڵی دەستەی کارگێڕی و هاندەرانی یانەکە نییە. لە دوایین یاریشدا یانەکە لە خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان لە بەرامبەر یانەی برایەتی لە سەر یاریگەی خۆی دووچاری شکستێکی بە ئەنجامی (٢-١) گۆڵ بووەوە، لەدوای بەدەستهێنانی ئەم ئەنجامە خراپانەش دەستەی راهێنەرانی یانەکە عیماد قادر و دارەوان قادر دەستیان لە مەشقی یانەکە کێشایەوە کە لە دوای ئەنجامدانی ١٧هەفتە یانەکە تەنیا ١٢خاڵیان بەدەستهێناوە و لە ریزبەندیی یانەکان لە پلەی دوازدەهەم دێت.

لە بارەی دەستنیشانکردنی عەبدوڵڵا مەحمودی راهێنەری پێشووی یانەکەش بۆ سەرپەرشتیکردنی تیپەکە موراد بەزاز ئەندامی دەستەی راگەیاندنی یانەی کەرکووك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەرچەندە ئێمە گرفتی زۆری داراییمان هەبووە لەم وەرزە و کەسیش هاوکار نەبووە وەکو پێویست بۆ ئەوەی مووچەی یاریزانان و بڕی گرێبەستەکانیان دابین بکەین لە خولی پلە نایابی کوردستان، بۆیە ئاستی تیپەکەمان رۆژ بە رۆژ خراپتر دەبوو، بۆیە بەهۆی ئەو ئەنجامە خراپانەش دەستەی پێشووی راهێنەرانی یانەکەمان کە کوڕی شارەکە بوون دەستیان لە مەشقی یانەکە کێشایەوە، دەستەی کارگێڕیی یانەکەش دەست لەکارکێشانەوەکەی پەسند کرد و لە شوێنی ئەوانیش کارگێڕانی تیپەکەمان بڕیاریاندا بە دەستنیشانکردنی هەریەك لە عەبدوڵڵا مەحمود بە راهێنەری یانەکە و وەلید محەمەد بە یاریدەدەر».

موراد ئامادە نەبوو لەبارەی بڕی گرێبەست و مووچەکان هیچ زانیارییەك بدرکێنێ و تەنیا باسی ئەوەی کرد کە عەبدوڵڵا مەحمود لە شاری کەرکووکە و دەستی بە مەشقەکانی کردووە لەگەڵ تیپەکە و گوتی: «هیچ گرفتمان نییە لە سەر هیچ بابەتێك لەگەڵ عەبدوڵڵا مەحمود، پێشتریش ڕاهێنەری یانەکەمان بووە، ئەو راهێنەرێکی بەتوانایە لەسەر ئاستی کوردستان و پێشتریش ئەنجامی شایستەی بەدەستهێناوە لە خولی کوردستان و عێراق، ئومێدیشمان زۆرە بەو راهێنەرە کە بتوانێ یانەکە لە خولی پلە نایاب بهێڵێتەوە.

دەکرد بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و کچە یاریزانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانیش ئاڤا عەتا توانی ریکۆردی عێراق و کوردســـتان بشـــکێنی بە کۆکردنەوەی٣٨٨خاڵ ئەنجامی کۆتایش بەمشێوەی خوارەوە بوو.

دەمانچە - کوڕان

١-جەمال عەبدوڵڵا ٥٤٢خاڵ پێشمەرگەی سلێمانی

تفەنگ - کوڕان

١-هەردی جەمال ٥٥٢خاڵ یانەی ئاشتی

دەمانچە-کچان

١-پەیمان حمە ساڵح ٣٥٥خاڵ یانەی ئاشتی

تفەنگ -کچان

١-ئاڤا عەتا٣٨٨خاڵ پێشمەرگەی سلێمانی

# کچانی دهۆک دەبنە پاڵەوانی تێنسی سەرزەوی

لە شاری دهۆك و لەسەر یاریگەی یانەی دهۆك بە سەرپەرشتی یەکێتیی ناوەندیی تۆپی سەرمێزی عێراقی و بە هاوکاری لقی دهۆکی یەکێتییەکە و بە بەشداریی هەشت یانەی شارەکانی کوردستان و ٢٢ کچە یاریزان لە ئاستە جیاوازەکان نێوان ٨-٩-١٠-١١-١٢-١٣-١٤ساڵ، پاڵەوانێتیی تێنسی سەر زەوی یانەکانی باکووری عێراق و کوردستان ئەنجامدرا، مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییەش زیاتر گرنگییدان بە یارییەکانی تێنسی سەر زەوی لە شارەکانی عێراق و وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بۆ ئامادەکردن و دەستنیشانکردنی یاریزانان بۆ پاڵەوانێتیی ئەنتالیای نێودەوڵەتی بوو کە بڕیارە لەم مانگە لە وڵاتی تورکیا بەڕێوەبچێت، لە پاڵەوانێتییەکەشدا یاریزانانی بەشداربووی یانەکان توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن، لە ئاستە جیاوازەکانی تەمەن لە ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

تەمەن ٨ساڵ

لارا ئاڤدەل-یانەی دهۆك

تەمەن ٩ساڵ

زەلال سەعید —یانەی زێرەڤانی

تەمەن ١٠ساڵ



ئاڤێستا شەعبان- یانەی دهۆك

تەمەن ١١- ١٢ساڵ

لاڤە رۆستم- نیشتمان

تەمەن ١٣ساڵ

سارا ئاڤدەل-دهۆك

تەمەن ١٤ساڵ

فەرح ئەیاد-پێشمەرگەی هەولێر

لە کۆتاییشدا خەڵات و دیاری بەسەر یاریزانە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.